# شارە کۆمارییەکانی ئیتالیا لەسەدەی دەرەبەگایەتی ئەوروپادا
# ژیانەوەی راستەوخۆی رژێمی دیموکراتی لەسەر دەستی خودی هاووڵاتی کارادا

و:سەلام عومەر

## پێشەکی

ئەم باسە تایبەتە بە ژیانەوەی راستەوخۆی رژێمی دیموکراتی لە ئەوروپادا, چونکە ماوەیەکی دوورودرێژ کەچەند سەدەیەکی خایاند دیموکراتیەت بوونی نەبوو, هەروا ئەم باسە تیشك دەخاتە سەر چۆنیەتی بەرێوەچوونو لاساییەکانی شارە کۆماریە ئیتالیەکان, چونکە هزرو بۆچونی هاووڵاتی کارای سیاسی شوێنو جێگەی دەسەڵاتی شارەکانی گرتەوە, مەبەستیش لە هاووڵاتی کارا بەشداری راستەوخۆیەتی لە سیاسەتو خۆ پاڵاوتن لە پۆستەکانی یاسادانانو جێبەجێکردنی لەناو وڵاتدا, هەروا بەشداری لە یاساو گۆڕانکاریش دەکات تیایدا, بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرێو جێبەجێ کاری خواستی کۆمەڵە سیاسیەکانە.

## زاڵبوونی کەنیسەو دەرەبەگایەتی:

هۆکاری بزربونی هزرو چالاکی هاووڵاتی کارا, لەدوای بەکۆتا هاتنی رژێمی دیموکراتی کلاسیکی لە یۆنانی کۆندا, بەتایبەتیش کە 1400ساڵی خایاندو باوەڕو ئایینی مەسیحی جێگەی هزری هاووڵاتی کارای گرتەوەو گۆرانەکانی کردە قوربانی بۆچوونی ئایینی لە قاڵبدراوەکانو بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە راستەوخۆ پەیوەندیان بەخواوەیە, زاڵبونی ئەم بۆچونو پەیڕەوانەش پەیوەندیەکانی نێوان (الاحاكم المحكوم)ی دەبەستەوە بە کتێبە پیرۆزەکانەوە. بەم هۆیەشەوە سەرچاوەی دەسەڵاتو داد لەمرۆڤی کاراوە گواسترایەوە بۆ نوێنەرەکانی خودا لەسەر زەوی, لەو کاتەدا بۆچونی مەسیحیەکان بەرامبەر جیهان, بەرامبەر چالاکیە سیاسیەکانی لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتیەوە گواستەوە بۆ گۆڕەپانی ئایینی لاهوتی.

لە ئەسینای کۆن هەمو گۆرانو دەستکەوتەکان لەهەناوی کۆمەڵگاوە سەری هەڵدەداو لە خزمەتی ئەوان, یان کۆمەڵە سیاسیەکاندا بوو, بەڵام جیهانی مەسیحیەت گۆڕانی بەسەر ئەم بۆچونە هێناو هەموو ئەوانەی بۆ تواناکانی خوا بەجێهێشت, هەروا یەکسانیەکانیش لەنێوان هاوڵاتیاندا بەسترا بۆوە بە تواناکانی دنیاییەوە بەڵام لەنێو مەسیحیەکان ئەم یەکسانیەش درا بەخواو گەڕاندیانەوە بۆ ئەو دەسەڵاتەی لەتوانای خۆیانیان دەرکردبوو, هەروا لەیۆنانی کۆن سەرجەم یاساکان لەلایەن هاوڵاتیانەوە خۆیان دەنوسرانەوەو جێبەجێیان دەکرد, بەڵام دواتر هزری ئایینو نێردراوەکان بونە جێگرەوەی یاساکانو لەرێگەی نێردراوە ئاسمانیەکانەوە یاساکان جێبەجێ دەکران. بەم جۆرەو بەهۆی زاڵبونی ئایینی مەسیحی هزری سیاسی علمانی لەپاشەکشەی داو بەهۆشیەوە هیچ بیرێکی نوێو زانستیانە بەرەو پێشەوە نەدەچوو, دیموکراتیەت قەتیس کراو مێژوو لەم وڵاتەدا کەوتە گۆشەگیریەبەر لەچونە ناو ناواخنی شارە کۆماریە ئیتالیەکان, پێویستە وەبیرخۆمان بهێنینەوە کە تێگەیشتن لە دیموکراتی لە سەدەکانی یازدەو دوازدەدا لای ئەوانەش ساوا بوو کە خەریکی جێبەجێ کردنی بوون, هەروا پێشکەوتنەکانی سیستمی سیاسی ئیتالیاو سویسراو هۆڵەنداش نەبونە ئەو فاکتەرە زیندوەی دیموکراتیەتیان وەك خۆی پێ هەزم بکرێ. هەروا تێگەیشتنی دیموکراسی تەنانەت نەبووە زمانی سیاسیشیان. بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی پەرتوکی (ئەرستو,السياسە) لەناوەراستی سەدەی سێزدەهەمیندا رۆشەنبیرە ئەوروپیەکان وەریان گێرایە سەر زمانی خۆیانو دواتر چەنئایین پەرتوکی یۆنانی هاوشێوەی ئەویان وەرگێرا, لە عەرەبیەوە بۆ لاتینی, چونکە ئەوکات رۆشەنبیری یۆنانیە کۆنەکان لەنێوان زانا موسڵمانەکان گرنگی پێدەدراو وەریان دەگێرایە سەر زمانی عەرەبی, (پەرتوکی سیاسی ئەرستو) مانایەکی شێواوی دەدا بەچەمکی دیموکراسی, بۆیە حکومەتەکانی ئەوسای ئەوروپا لەم روانگەیەوە بەرژەوەندی هەژارەکانیان لەسەر بەرژەوەندی سەرمایەدارەکان پەیرەو دەکرد, بەبێ ئاوڕدانەوە لەماندوبوونو هێلە گشتیەکانی پەیوەندی چینایەتی نێو کۆمەڵگا.

## باگگراوندی مێژووی گەشەی شارە کۆمارییە ئیتاڵیەکان:

دەکرێ ئەم سەردەمە بۆ دوو قۆناغ دابەش بکەین, یەکەمیان سەدەی ناوەراستە کە بە پادشای (فەرەنجی) خەرەنجی فەرەنسیو شارلمانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیا ناسرا, کەلەلایەن پاپا لیۆی سێیەمین لە ساڵی800دا بەرێوەبردرا, وە قۆناغی دووەم لە ساڵی 1500وەدەستی پێکرد, کە رژێمی شاهانە دامەزراو سەرەتای گۆرانە کۆمەڵایەتیەکان دەستی پێکردو بە قۆناغی گواستنەوەدیاریکرا بۆ سەردەمی نوێ. لەوکاتەدا دیموکراتی شارە کۆماریەکان لە باکوری

ئیتالیا سەری هەڵدا, ئەویش لەقۆناغی یەکەمی دەرەبەگایەتی بووو لەقۆناغی دووەمیشدا جگە لە بندقیە کۆماریەکان کەسی دییان لێ بەجێ نەما.
ئەوکاتە کەنیسە کاپولیکیەکان سەرچاوەی سەرەکی دەسەلأت بوون لە ئەوروپا چونکە لەسەدەی ناوەراست بەهێزێکی ئابوری‌و دەسەلأت‌و دامەزراوەیەکی بەتواناوە هاتنە گۆڕەپانەکە, لەو کاتەدا کەنیسە دەسەلاتێکی روحی بەهێزبوو کەوتبوە سەروی دەسەلأتی دنیاییەوە بەم شێوەیە کەنیسەی شاکان‌و دەوڵەمەندەکانی شار تۆرێکی رکابەریان لەناو ولأتدا دروست کرد, واتە هێزێکی ناوخۆیی کەلە دونیای سەرمایەداری پێکهاتبوون‌و لەیەك کاتدا دروست بوون, لەبەرامبەریشدا دەسەلأتی کەنیسە زەق ببۆوە. هەر لەو کاتەدا ولأتی شاهانەی دەرەبەگایەتی کەوتبوە گێژاوی کێ برکێی دەسەلأتەوە, کەبەهۆی پارسەنگی کۆمەلأیەتی‌و ئایین‌و دەرەبەگایەتیەوە بەناچاری دەسەلأت گرنگی بە بوژانەوەی دەرەبەگایەتی دەدا, چونکە سەرچاوەی هێزی سەربازی‌و سوارچاکی زۆربوون.

## دابەش بوونی کۆمەلگەی چینایەتی:

لەچەند توێژێکی جیا پێك هاتبوون خاوەن, زەوی‌و زارە زۆرەکان لەگەڵ جوتیارەکاندا دوو چینیان پێکدەهێنا لەنێو یەك کۆمەلگادا, چینی سێیەمیش بازرگانەکانی شار بوون, (ئەوان رێك وەك سەرمایەداری نوێ)دا بوون, چونکە لەناو شارەکاندا بازرگانی‌و بزووتنەوە داراییەکان زاڵ ببون بەسەر ژیانی ئەم چینەدا, هەروا کرێکارەکانیش دابەشی سەر دوو توێژ بوون, ئەوانەی کرێکاری کارای پیشەسازی نوێ بوون, لەگەڵ ئەوانەی بەکرێ کاریان دەکرد.
شارە گرنگەکان بوونە جێگەی کۆکردنەوەی دارایی بەهۆی پێشکەوتنی بازرگانی‌و پیشەسازییەکانەوە, بەو هۆیەشەوە سەرمایەدارەکان تا دەهات دەسەلأتیان دیاریتر دەبوو. لەلایەکی ترەوە بوژانەوەی ئەم شارانە لە کۆمەلگای چینایەتیدا بەرەو گەشەکردن دەرۆی بەهۆی کێبڕکێی نێوان کەنیسەی کاسۆلۆکی‌و دەسەلأتی شارەوانی, بەتایبەتیش کە ئەم شارانە دەرفەتێکی سیاسییان بۆ هاتە پێش بۆ وەرگرتنی ئوتۆنۆمی, ئەم بارو دۆخە نوێیە ئاسانکاری خستنە بەردەم پێشکەوتنی شارەکان لەروی ئابوری‌و سیاسییەوە, چونکە بوونی ئوتۆنۆمی لە بەلگەنامە پێشکەوتووەکانی ئەو کاتەدا باشترین دڵنیابوونەوە بوو بۆ ئازادی بازرگانی‌و پێشکەوتنە پیشەسازییەکان, کە زۆرینەی بەدەست سەرمایەدارو دەرەبەگەکانەوە بوو, ئەم پێشکەوتنە سەرەتاکانی لەکۆتایی سەدەی یازدەدا دەرکەوت, ئەوکاتەی رژێمی کۆماری لە شارەکان دەسەلأتی شارەوانیەکانی لە باکوردا, بەسەر سەرمایەدارەکان دەبەخشیەوە, بەتایبەتیش شارەکانی (میلانۆو جواناو بۆلۆنا) کە خەڵکی ئەم سێ شارەی ئیتالیا زۆربەیان بوونە راوێژکارو دەسەلأتی یاسایی‌و ناوەندیان بەدەستەوە گرت, ئەم پێشکەوتنە, دژایەتییەکی سیاسی‌و فکری کراوە بوو بەرامبەر دەسەلأتی پاپای فاتیکان لە رۆمای پیرۆز چونکە ئەم شارانە دەسەلأتی ئەو دابڕان, لەکۆتایی سەدەی دوازدەهەم گۆڕانێکی زۆر گرنگی سیاسی‌و بەڕێوەبردن روویدا. ئەوکاتەی رژێمی راوێژکاران گۆڕایەوە بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گەورەی دەسەلأت. ئەم ئەنجومەنەش سەرۆکێکیان لە ژێر ناوی (podeste) بۆخۆیان هەڵدەبژارد کە دەسەلأتێکی بالأو بەرفراوانی هەبوو لە جێبەجێ کردن‌و دادوەریدا.
لەناوەراستی سەدەی سێزدەدا, زۆربەی کۆمەڵە سەرەکییەکانی ناوچەکانی (لومباردی‌و توسەکانی) کە کۆمەڵە سیاسیە بێلایەن‌و میان رەوەکان بوون, چونە نێو نوسینەوەی ئەو دەستورانەی بۆ شارەکانی (روماو فلۆرنساو میلانۆ) نوسرابونەوە. تەنها شاری ڤینیسیا (بندقیە) نەبێ کە دەستورەکەی نەنوسرابۆوە, زۆرینەی دەستورەکانیش تایبەت بوون بە ژیان‌و چۆنیەتی هەڵبژاردنەوە لەگەڵ رژێمی دەسەلأت‌و بەرێوەبردنی ئەو توێژە کۆمەلأیەتیانەش کە خۆیان ناونووس دەکرد بۆ ئەنجومەنەکان سەرمایەدارو پیاوە ئایینی بازرگانەکانی شار بوون, کە نوێنەرایەتی تەواوی ئەنجومەنەکەیان دەکرد.

## سیمای دیموکراتی شارە کۆمارییەکان :

* مافی خۆپالأوتنی دەدا بەو هاولأتییە نێرینانەی لە خانەوادەی شاهانە بوون‌و لەناو شاردا دەژیان. باجیش(سەرمایەدارو بازرگان‌و جوتیارە)کانی دەگرتەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەی لەشاردا لەدایك بوون‌و لەوێش دەژیان, یان ماوەیەکی دوودرێژو چوونەتە ناو شارەوە. هەروا بوونی باج باشترین پێوانە بوو بۆ بەشداریکردنی تاك لە پرۆسەی سیاسی ولأتدا, هەروەکو ئەم یاسایە لەناوەراستی سەدەکانی 17و20لە بەریتانیا پەیرەو دەکرا.
* رێزێکی زۆر بۆ کردەی هەڵبژاردن‌و هەمو ساڵێکیش ئەنجام بدرێ, هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دەسەلأتیش بەرامبەر بوو بە (دەزگای پەرلەمانی).
* ملکەچ بوونی هەموو پۆستە سیاسییەکان بۆ هەڵبژاردن‌و هیچ پۆستێك نەئەدرایە کەس ئەگەر رەزامەندی ئەنجومەنی لەسەر نەبێ.
* بێلایەنی پۆستەکان بۆماوەیەکی دیاریکراو لەناوایاندا پۆستی سەرۆکایەتیش دەگرێتەوەpodesta.

⋆ دەسەلأت بۆ گەل, لەگەڵ ئەوەش کە سەرۆکی ئەنجومەن دەسەلأتێکی بالأو بەرفروانی هەبوو لەنێوەندەکانی جێبەجێکردنو یاسا داناندا (کەخۆشی بالۆێزی کۆماریو سەرۆکی سوپایە) پێویستە لەسەری هەموو کات راوێژ بە ئەنجومەنی دەسەلأت بکاو هەڵسوکەوتیشی باشو بێ وێنە بێت لەکاتی دەسەلأتو کارکردنیدا.

## میراتی یۆنانی کۆن لەشارە کۆمارییە ئیتالییەکاندا:

شارە کۆمارییەکانی ئیتالیا تەنها خۆیان بە دەستکەوتەکانی یۆنانی کۆن نەدەبەستەوە, چونکە ئەوان راهاتبوون بەرەو ئازادی زیاتر بڕۆن, گیانی پێشکەوتنو ئامادەبوونی خزمەت بە ئامانجی بەرژەوەندی گشتیی لەسەروی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانەوە بوو, یان بەرژەوەندی خێزان بەرژەوەندی هەموانە, بەمانایەکی دی, شارە کۆماریەکانی ئیتالیا, کەوتبوونە ژێر کاریگەریی میراتی سیاسیو بیری رۆمای کۆنەوە.

## مێژووی دیموکراتیەتی شارە کۆمارییەکان لەسەدەی ناوەراستدا:

1- لەژێر رۆشنایی ئەم رونکردنەوەیەدا پێناچێ شارە کۆماریەکانی ئیتالیا داهێنەر بوبن, لەبواری پرۆسەی سیاسی دیموکراتی, ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی هاولأتیانو بەشداربونیان لە رژێمی دیموکراتی یۆنانی کۆندا, بەلأم ئەگەر بەچاوی سەرنجەوە سەیری بکەین, لەنێوان دەسەلأتی دنیاییو کەنیسەکاندا بەتایبەتیش کە دەسەلأتی ئایین لەناو هەرێمو شارەکاندا لەگەشەدابوو. بۆ ئەوکاتە ئەو پێشکەوتنە سیاسیەی کە شارە کۆماریەکانی ئیتالیای بەرهەم هێنا دیاردەیەك بوو گرنگی زۆری هەبوو. هۆکارەکەش دەگەرێتەوە بۆ پەیڕەوکردنی دیموکراتی لەنێو شارەکاندا ئەوەش باشترین وەلأم بوو نەك تەنها بۆ ئەوانەی خۆیان بە نوێنەری خوا دەزانی, بەڵکو ئەو دەسەلأتانەش کە مانای یەکسانیان نەدەزانی.
2- ئەوانەی بەرگرییان لەشارە کۆمارییەکان دەکرد, رەوشێکی بالأی سیاسیان جێهێشت. کەلەنێویدا زۆر بیروڕای جیاوازیان شیکردەوە, بەتایبەت لەسەردەمی دوای بیری کلاسیکی کۆن, دروستکردنی حکومەتیان دایە دەستی گەل, بەتایبەتی رۆشەنبیرەکانی ئەوسا بەیەکجاری دەسەلأتی مەلەکیان رەتکردەوە, چونکە ئەم دەسەلأتە لەسەروی هەموو دەسەلأتەکانی دادوەریو جێبەجێ کردنەوە بوو, بۆیە ئەم رۆشەنبیرانە باشترین پێگەی پێشکەوتنو سیاسییان بۆ ئاییندەیان بەجێهێشت, چونکە ئەوان دژی دەسەلأتی تاکڕەوی بوونو دەیانگوت حکومەتی هەڵبژێرداو کە گەل دەنگی بۆ دەدات تەنها خەیال نییە, بەڵکو دەبێت وەرگێردرێتە سەر ژیانی واقعیو ئاسایی لەم بوارەشدا کاری سەرکەوتویان ئەنجامدا.

## گرنگی شارە کۆمارییەکانی ئیتالیا:

:

شارە کۆمارییەکان توانیان دامەزراوەیەکی سیاسی پێشکەوتوو بەرهەم بهێنن, بەتایبەت لەو سەردەمەی مەسیحیو دەرەبەگایەتی لەدەسەلأتدا بوون, ئەوان مافی ئۆتۆنۆمیان بۆ هاولأتیان دەستەبەرکرد, پێشکەوتنی ژیانو ئاستی رۆشەنبیری زاڵ بوو بەسەر ئەوانەی وابەستەی ئایین بوون, هەروا لەو سەردەمەدا بیری نوێو دەستکەوتی پێشکەوتوو جێگەی بیرە سیاسیە کلاسیکیەکانی گرتەوە, بەتایبەتیش چۆنیەتی بەڕێوەبردنی شارەکانو مافی دیاریکردنی چارەنووس لەگەڵ دەسەلأتی گەلدا. پێچەوانەی بۆچوونی کەنیسە کاسۆلیکیو دەزگا دەرەبەگایەتیەکان بوو. ئەم بیرە کۆماریانە گرنگییەکی فروانی نەك تەنها لە ئیتالیا جێهێشت, بەڵکو لەسەردەمەکانی چاکسازی ئاییندا (yeformation) ژیانی گەڕاندەوە نێو ئەو گفتو گۆ سیاسیانەی لەسەدەکانی 17-18 لە ئەوروپاو ئەمریکا لەئارادابوون.
پرسی جەوهەریش لەژیاندنەوەی رژێمی کۆماری, ژیانەوەی کۆمەڵە سیاسیەکانە (یان ئەو کۆمەڵە هاوولأتیانەی سیاسی چالأك بوون)ئەوانە نابێت لەلایەن شانشینو هێزەکانی کەنیسەوە لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێ. تەنها لەلایەن ئەو کۆمەلە سیاسیانەوە لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت کەسەر بەو ئایدیۆلۆژیەیەن کەخۆیان بۆ رژێمە کۆماریەکانیان داناوە, چونکە ئەو کۆمەڵە سیاسیانە دەیان گوت ئوتۆنۆمی بناغەی ئازادییە هاوولأتیان مافی خۆیانە خۆیان خۆیان بەرێوە ببەنو خۆیان دەسەلأتو خۆیان هاوولأتیو بەڕێوەبەری دەزگا پەیوەندیدارەکان بن, ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خۆیان رزگارکەرن لەوانەی گۆشەگیرو لەچوارچێوە دراون, واتە سەرچاوەی سەروەرییەکان, هاوولأتیان خۆیان بن, بەمانایەکی دی نابێ دەسەلاتداران پێگەیان لەپێگەی هاولأتیان بالأتر بێتو, بەرژەوەندیە گشتییەکان لەسەروی تاکەوە بێ, ئەم کۆمەڵە سیاسیانە دەخوازنو, دەسەلأت نوێنەری توێژی خوارەوە بێو بێ ئەوان

بڕیاری خێراو تاکڕەوانە نەدرێ.

## رەخنە لە دیموکراتییەتی شارە کۆمارییەکان:

هەندێ لەبیرمەندە سیاسییەکان وەکو نیکۆلۆ ماکیاڤیلی. چاویان بە ئەزموونی شارە کۆمارییەکاندا خشاندەوەو هەندێ سەرنجیان لا گەلالە بوو, ئەم بیرمەندە سیاسیە, نیکۆلۆ ماکیاڤیلی (1469-1527) کەبەیەکەم بیرمەندی سیاسی ولاتانی نوێ ناوزەد کرا هەوڵیدا هاوسەنگیەکی گونجاو لەنێوان دەسەلاتی ولاتو هاوولاتیان بدۆزێتەوە, ئەم بۆچونەی ناوبراو لە پەرتوکی (ئەمیرو لێکۆلینەوەی هزری) بلاوکردەوە, بەبۆچوونی ئەو, هەموو جۆرە حکومەتەکان (مەلەکیو دیموکراتی) سروشتی ئارامو بێ کێشەیان پێ دەستە بەر ناکرێ, زۆرجاریش بەرەو هەلۆەشانەوەو گەندەلی دەچن.

دەولەتی مەلەکی دوای پێشکەوتنێکی باش, کەچی ئەنجام بەرەو تاکڕەوی ئوستکراتی چوو, دواتر بەرەو خۆپەرستیی, هەروەکو لە ئەسینای کۆن روی دا.

کەواتە پێویستمان بە هاوسەنگی دەبێت. (ئەمە بە بۆچوونی نیکۆلۆ ماکیاڤیلی) لەنێوان تواناکانی دەولەتو هاوولاتیان, دیموکراتییەکەی ئەسینا دوچاری هەلاوسان هات. بەو هۆیەی نەیتوانی پارێزگاری لەخۆی بکات, بەتایبەتیش لەو کاتانەدا کە چینێك بەرەو بالاتر دەچونو خەلکی دیش هەر لەو چوارچێوەدا بوون کەهەبوون.

**توماس لاکوینی, بیرمەندی ناودار, شارە کۆمارییەکانی ئیتالیا زۆر سەرنجی راکێشا بوو, چونکە لەرێگەی هەلبژاردنو یاساوە بەرێوە دەچوون, بەلام رەخنەی بەرامبەر زال بوونی زۆرینەی خەلك بەسەر دەسەلاتدا هەبوو. بەتایبەتیش هەندێ جار دەولەمەندەکان بەهۆی پارەوە خەلکیان کێش دەکردو دەهاتنە ناو دەسەلاتەوە.**

## پێکهاتەی سیاسی شارە کۆمارییەکان:

(نێرینەی خێزانی مەلەکییەکان ئەوانەی باج دان دەیگرتنەوە لەدایك بووی شارەکانو ئەوانەی بەردەوام لە شارەکاندا دەژیان) **ئەنجومەنی دەسەلاتی بالا**

(دەسەلاتێکی بێلایەنە, خاوەن سەربەخۆیی خۆیەتیو بەلانی کەم 600هاوولاتی دەگرێتە خۆی) بەرپرسە لەبارودۆخی دەستورو چاکسازی تیایدا, بەرپرسە لە دروستکردنی لیژنەیەکی هەلبژێردراو کە ژمارەیان 20هاوولاتی بێ, ئەوانیش (3)هاوولاتی کاندید دەکەن تا لەناویاندا سەرۆکی ئەنجومەن هەلبژێرن.

**<u>سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی</u>**

(سەرۆکی ئەنجومەن دەسەلاتێکی بەرفراوانی هەیە, لەبەرێوەبردنی کاروباری جێبەجێ کردنو دادوەری, لەکاتی سەرپێچیشدا دەبێ بگەرێتەوە لای ئەندامانی ئەنجومەن, چونکە ئەوان دەتوانن لێپێچینەوەی لەگەلدا بکەن, دوای سزدانانیش ناتوانێ بگەرێتەوە سەرپۆستی خۆیو دەبێت سێ سال بەسەریدا تێپەرێ.

**<u>شێوەی هەلبژاردنو دەست نیشان کردن:-</u>**

أ-هاوولاتیان لە هەلبژاردندا کەسی شیاو بۆ ئەنجومەن دەست نیشان دەکەن.

ب-ئەنجومەنیش بەهەمان شێوە لیژنەی هەلبژاردن دەست نیشان دەکا.

**<u>ناسینی شارە کۆمارییە مرۆییو پێشکەوتوەکان:-</u>**

بەشداربوونی سیاسی مەرجی بنەرەتییە بۆ ئازادیی تاك, ئەگەر هاوولاتیان خۆیان خۆیان بەرێوە نەبەن, ئەوە دەکەونە ژێر دەسەلاتی ئەوانی ترەوە.

<u>سیما سەرەکییەکان:</u>

بونی هاوسەنگی لەدەسەلاتدا, لەنێوان گەلو ئۆرستوقراتیو مەلەکی, کە ئەوەش بەستراوەتەوە بەدەستور یان حکومەتی هاوبەش, بەمەرجێك هەموو هێزە سیاسییە سەرەکییەکان رۆلی کارا بگێرن لەژیانی گشتیدا.

بەشداربوونی هاولاَتیانیش دەکرێ لەرێگەی چەند میکانیزمێکی جیاوە بێ.لەناویدا, هەڵبژاردنی بالیۆزەکانو نوێنەرانو خزمەتگوزاریەکان لەناو ئەنجومەنی دەسەلاَتدا.

+ پارێزگاریو پێشخستنی گۆمەڵگە کۆمەلاَیەتییەکان.

+ ئازادی رادەربرین.

+ دەسەلاَتی یاسا.

## مەرجە گشتییەکان بۆ ئەم شێوە دیموکراتییە.

+ کۆمەڵە لە شارە بچوکەکاندا.

+ پیرۆزکردنی باوەڕە ئایینیەکان.

+ کۆکردنەوەی بازرگانو بێلایەنەکان.

+چاوخشاندنەوە بە ئافرەتو کرێکار لەژیانی سیاسیدا (فراوانکردنی دەرفەت لەبەردەم زۆرینەی هاوولاَتیانی نێر بۆ بەشداریکردن لەنێوەندە گشتیەکاندا).

## ناسینی کۆمارە کلاسیکییەکان.

لەسەر هاوولاَتیانە سود لەیەکسانی سیاسیو ئابووری وەرگرن, تاوەکو کەس نەبێتە گەورەی کەس, هەموولا دەتوانن سود لەئازادیی یەکسانیو پرۆسەی مافی چارەنوس وەرگرن لەپێناوی بەرژەوەندی گشتییدا.

## سیما گشتییەکان

+ دابەش بوونی دەسەلاتەکانی یاسادانانو جێبەجێ کردن.

+ بەشداری راستەوخۆی هاوولاَتیان لەدیدارە گشتییەکانی دامەزراندنی ئەنجومەنی یاساداناندا.

+ بەشداربوونی گشت لە پرسە گشتییەکاندا.

+ دامەزراندنی جێبەجێ کار دەبێت لەرێگەی هەڵبژاردنەوە بێت.

## مەرجە گشتییەکان

ئەو کۆمەڵە بچوکانەی پیشەیی نین.

بلاَوبوونەوەی موڵکایەتی زەوی لەنێوان زۆرینەی تاکەکان. خزمەتگوزاریەکانی ماڵەوە بۆ ئافرەتان تا پیاوان دەستیان بەتاڵ بێت بۆ سیاسەت کردنو لە ماڵەوە کار نەکەن.

## دەستوری ڤینیسیا

ڤینیسیا دەکەوێتە باکوری دەریای ئەدریاتیکەوە, بەلای خۆرهەلاَتی نیمچە دورگەی ئیتالیاوە, پێدەچێت ڤینیسیا دەوڵەمەنترین شار بێت لە جیهاندا, چونکە دانیشتوانەکەی 100هەزار کەس تێپەر ناکات, بەلاَم بەهۆی پێگە جوگرافییەکەیەوە کە دەکەوێتە نێوان ئەوروپاو خۆرهەلاَتەوە باشترین دەستکەوتی باجو بازرکانی هەیە, زۆرینەی کەشتی بار هەلگرو بازرگانەکانی دونیا کە بە دەریای سپی ناوەراستدا هاوتوچۆ دەکەن, لە بەندەرەکانی ئەم شارە لەنگەر دەگرن, زۆر لەمێژوو نوسو ئابوریستەکان باس لە رۆڵی گرنگی ئەم شارە دەکەن, لەرووی بازرگانیو شوێنی جوگرافیاییەوە, بەتایبەتیش کە رۆڵی زۆر گرنگی گێراوە لە بوژانەوەی ئابوری لەتەواوی ئەوروپادا لەسەردەمی سەدەکانی ناوەراستو ئەو سەدەیەی بە رێنسانس ئابووری ناو دەبرێ. لەهەمووشی گرنگتر چۆنیەتی بەرێوەچوونو دەسەلاَتی شار دیسانەوە کاریگەری لەسەر هزری سیاسی ئەوروپی هەبووە.

لەسەدەی (رینسانس) واتە چاخی رابون, ڤینیسیای کۆماری جێگەی سەرنجی زۆرینە بوو, بەتایبەتیش کە ئابوورییەکی زۆرو هێزێکی گەورەی سەربازی هەبوو, ئەوە جگە لەوەی بارودۆخێکی ئارامی سیاسیو چالاَکییەکی ئیداری بەرچاوی هەبوو, ئازادی تاکەکەس بۆ ئەوانەی لە سنوری ولاَتی ڤینیسیا بوون لە بالاَترین ئاستدا بوون. بەلاَم لەسەردەمی رینسانس شارەکانی ئیتالیا بەهۆی رژێمە توند رەوەکانەوە, بەرەو توندی دەرۆی, تا گۆڕانی بەسەردا هات, چونکە ڤینیسیا کە سنوری بەم ولاَتەوە بوو نمونەی دەسەلاَتێکی سەرکەوتوو بوو, دواتر لەناو رۆشەنبیرانی ئەو ولاَتەدا رەنگی دایەوەو بە ئەفسانەی ڤینیسیا ناسرا, بەلاَم ئەفسانە راستەقینەکە لەسەر بناغەی رژێمێکی سیاسی چالاك دروست کرابوو. هەموو خاوەن ئەو کتێبانە یان نوسەرانەی ڤینیسیایان خۆش نەدەویست دانیان بەوەدا نابوو کە ئەم شارە هەموو لایەکی کێش دەکرد بۆئەوەی لەم ولاَتەدا بژین. چونکە ئازادییەکی بەرفراوان لەوێ هەبوو, کار دەست دەکەوتو بازرکانیو پیشەسازیو خوێندن لەوپەری پێشکەوتندابوو.

دەستوری ڤینیسیا نەنوسرا بۆوە (وەك دەستوری بەریتانیای ئێستا) بەڵکو پێکهاتبوو لە کۆمەڵێك دامەزراوەی ڕێکخراو کە لە سەرەتای سەدەی چواردەدا دەرکەوت 500ساڵی خایاندو تاوەکو لەلایەن ناپلیۆنەوە لە ساڵی 1797داگیر کرا, ئەم دەستورە بەبێ پچڕان مایەوە. هێزە بیانییەکانیش لەدەست گرتن بەسەر ڤینیسیادا سەرکەوتنیان نەهێنا. هەروا هەموو هەوڵە بیانییەکان بۆ تێکوپێکدانی دەسەڵاتو گۆڕینی ئاستی ژیان لەم شارەدا شکستی هێنا, تەنها بۆچەند هەفتەیەك نەبێت  بارودۆخی سیاسی لە شارەکەدا هەروەکو خۆی مایەوە.

پێشتر دەسەڵاتی سیاسی لە کۆماری ڤینیسیادا کە بەدەستی ئۆرستوقراتیەکانەوە بوو, لە سەدا پێنجی دانیشتوانی پێك دەهێنا, بۆهەموو تاکێکی نێرینە هەبوو, ئەوانەی تەمەنی هەرزەییان تێپەڕاندبوو بەتایبەت لە خێزانە ناودارەکانو خانەوادەکان, ئامادەبن لەو دیداری هەفتەییانەی ئەنجومەنی باڵای شار ئەنجامیان دەدا, ئەوانەش کەناوی خۆیان کاندید دەکرد بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنە ناوەندیەکان کەلە کۆتایداو بەهەمویان سیاسەتی ولاّتیان دادەڕشت. کەئەوانیش گرنگیەکی زۆریان پێدەدرا لەلایەن ڕژێمی سیاسی ولاّتەوە. چونکە بناغەو خاڵی دەست پێکی دەسەڵات بوو لەو ولاّتەدا, هەروا ئەوکاتو ئەندامیەتی لەدەزگا هەڵبژێراوەکاندا, لەلایەن ئەنجومەنی باڵاوەو بۆ ماوەیەکی کورت, زۆرترینیان لە ساڵێك کەمتر بووەو بۆشیان نەبوە نوێی کەنەوە, دەستوری ڤینیسیا لەجەهەردا ڕژێمێکی هاوسەنگو چاودێر بووە, بناغەو دەستوری ڤینیسیا بەرێگایەك بووە کەدەکرا خاوەن بەهرەو ناودارەکانی تێدا هەڵبژێرا با, بۆ ئەو پۆستە گرنگانەی وولاّتی لەسەر بەرێوە دەچوو, بەلاّم بەپێی دەستوور ڕێگە نەدەدرا هەموو دەسەلاّتێك بۆخۆی بێتو تاك ڕەوی لە بڕیارەکاندا بکات, دواتر جەوهەری بۆچونی سیاسی ڤینیسیا دەڵێ, دەکرێ دەسەلاّت تەنها لەرێگەی دەسەلاّتەوە زاڵ بێت بەسەریدا. یان بونی چەند دەزگایەکی جیاواز لەناو ڕژێمدا, یەکدەگرنو هاوکاری یەکتری دەکەن بە ئامانجی دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوانیان. (دەستوری ئەمریکاش گەیشتە هەمان بۆچونو سیاسەت) لە گرنگترین پەرتوکە سیاسیەکانی سەدەی رینسانسدا پەرتوکی گاسبارۆ کونتارینی (Gaspavocohtarihi)ە کە باس لە سیمای ڕژێمی سیاسی کۆماری ڤینیسیای ساڵی 1543دەکات, ئەم پەرتوکە لەم کاتەدا زۆر ڕەواجی نەبوو, بەلاّم دوایی وەرگێڕدرایە سەر زمانەکانی ئیتالیو فەرەنسیو گرنگیەکی زۆری پێدرا, زۆرینەی ناوەندە فەرمیەکان بۆچوونەکانیان بەهەند وەگرتو, کاریگەری زۆری هەبوو لە پێشکەوتنی هزری سیاسی ئەوروپادا, لە ئینگلتەراو لەسەدەی حەفدەدا کەلەنێو کێشەو ململانێکانی کۆمەلاّیەتیو سیاسیو ئاییندا دابوو, ئەم پەرتوکە زۆر بە فراوانی وەرگێردرایەوە سەرنەمانی ئینگلیزیو دەخوێندرا, جون ویلتن شاعیرو نووسەری سیاسی ناودار دەڵێ: کونتارینی ڕژێمێکی نمونەیی ئینگلترایە.

کۆنتارینی هەرچەندە پێشتر نەچووە ناو ڕەگەکانی دەستورەوە, هەروەها ڕۆشەنبیری سیاسی یۆنانی کلاسیکی بلاّویان نەکردەوە, بەلاّم لەلایەن سیاسیە پێشکەوتن خوازەکانەوە سەرمایەیەکی قەبەی جێهێشتو بەکاریان هێنا بۆ پێشکەوتنەکانی عەلمانی.

پەرتوکی کۆنتارینی تیشك دەخاتە سەر ئەو ولاّتە زلهێزو ئیمپراتۆریانەی چەنئایین جەنگی سەرکەوتویان ئەنجامدا, بەلاّم هیچی بەقەد دەزگاکانی ڤینیسیا کاریگەریان نەبوو, بۆ خۆشگوزەرانی خەڵکی ولاّتەکەیان, واتە, دەزگا هەڵبژێراوەکانی ڤینیسیا جەنگ بوو دژی جەنگو ئامانج بوو بۆ خۆشگوزەرانی هاوولاّتیان, هەروا ئەم ئامانجانە بەپێی وشەکانی کۆنتارینی, نایەتەدی تاوەکو ئارامی سیاسی بەرقەرار نەبێ. ڤینیسیاش لەم ڕوانگەیەوە سەرکەوتنی بەدەست هێنا. بەهۆی حکومەتەکەیەوە چونکە ئەوان ئارامییان بەرفراوان کرد, بەپێی گەرانەوە بۆ توندڕەوی کۆنتارینی بناغەی ڕژێمی لەشێوەی هەرەمی دانەرشت. بەڵکو ئەنجومەنەکان, کە لێپرسراویەتیان لە ئەستۆدابوو, چاودێری یەکتریان دەکردو هاوکاریش بوون, واتە ڕژێمی هاوسەنگیو چاودێری بوون.

کۆنتاینی پێی وابوو مانەوەی خانەدانەکان لەدەسەلاّتدا کارێکی باشە لەگەڵ چاودێری کردنی هاوولاّتیانو سود وەرگرتن لێیان, هەروا کۆنتارینی پێی باش بوو زۆرینەی دانیشتوانی ڤینیسیا بەدەسەلاّتی خانەدانە بچوکەکان ڕازی بن, بۆئەوەی دەسەلاّت لەرێگەی هەڵچونو هەڕەمەکیانەوە لایەنگری نەکاتو دەست لە ئازادی هاوولاّتیان وەرنەدا, چونکە ئەوان واتە دەسەلاّت بەرپرسن لە پاراستنو دیاریکردنی سەرو سامانی هاولاّتیان. هەروا یاساکان لەسەر هەموو کەسو بەبێ جیاوازی جێبەجێ دەکرێو ڕێز لەبۆچونی هەمولا وەکو یەك دەگێردرێ, یاسای بەڕێوەچوونو دادوەری, هێزو چەوساندنەوەو توندڕەوی نابێ, بەڵکو ڤینیسیا ئەو ئارامییە دەبێت کە ڤینیسیەکان دەیانەوێ.

## ڤینیس

ئەم شارە لەسەدەی (5)میلادیو لەلایەن کۆمەڵێکەوە دروست کرا کەلە دەستی یەکێك لەدەسەلاّتدارە توندڕەوەکان ڕایان کردبوو.

ئەم کۆمەڵە ڕاکردوانە لەچەند دورگەیەکی سنووری باکوری نیمچە دورگەی ئیتالیادا, نیشتەجێ بوون, ڤینیس ناوبانگی دەرکرد, بە دروستکردنی کەشتی

ئەم پیشەسازییەش کاری سەرەکیان بوو. لەکاتی جەنگی سەلیبیەکاندا, کەشتی ڤینیسیا بەکار دەهات بۆ گواستنەوەی سوپای سەلیبی بۆناو خاکی فەلەستینی, بەم هۆیەوە شاری ڤینیس لەسەدەی 13دا بووە قەرەباڵغترینو دەوڵەمەندترین شار, چونکە باجی لەهەموو ئەو کەلو پەلە بازرگانیو کالاَیانە وەردەگرت کە بەوێدا تێدەپەڕین, یان لە بەندەرەکانی ئەم شارە لایان دەدا, لەو سەردەمەشدا هاتوچۆی دەریاوانی لەبرەودا بوو, هەروەها ڤینیس توانی کەشتی جەنگی گەورە دروست بکات کە کالاَ بازرگانیەکانی لە بۆردومانی شەڕەکان دەپاراست, دواتر بەم هۆیانەوە سەروەتێکی ئێجگار گەورە بەسەر ئەم شارەدا باریو هاولاَتییە سەرمایەدارەکانی ئەوێش کێ بڕکێیان بوو لەسەر دروستکردنی بەرزترین باڵەخانەو هاندانی هونەرمەندو نیگارکێشو ئەندازیارەکان.

**باکگراوندی مێژووی گەشەی شارە کۆمارییەکانی ئیتالیا:-**

دەکرێ ئەم سەدەیە بە دوو قۆناغ دابەش بکەین: یەکەمیان قۆناغی (فروستوی) کەلە مەلیك فرانك شار لمان قیصر, ئیمپراتۆری رۆمانیای پیرۆز کە بە پاپا لێوی سێیەم ناسراوە دەست پێدەکاتو دەکەوێتە ساڵی 800وە, قۆناغی دووەمیش لە ساڵی 1500دەست پێدەکات کە بە سەرەتای گۆڕانکارییە کۆمەلاَیەتییەکاندا تێپەڕیو قۆناغی گواستنەوە بوو بۆ سەدەی نوێ.

هەروا پێشتر دیموکراتیەتی شارە کۆمارییەکان لە باکوری ئیتالیاو لە قۆناغی یەکەمی سەدەی دەربەگایەتیدا سەری هەڵداو, لە قۆناغی دووەمیشدا تەنها کۆماری فینیس لە ژیاندا ما.

ئەوکات کەنیسەی کاسۆلیکیەکان سەرچاوەی سەرەکی دەسەلاَتی ئەوروپا بوو. بەتایبەت لە سەدەکانی ناوەراستو خاوەن هێزێکی ئابووریو دامەزراوەیەکی رێکوپێك بوو, هەرچەندە ئەوان, واتە دەسەلاَتە روحیەکانی ناو کەنیسە لەرێگەی ئایینو بۆچوونە ئاسمانییەکانەوە توانیویان کاریگەریی خۆیان لەسەر تاكو بەتایبەت چینە دەوڵەمەندەکان جێ بهێلن, بەلاَم لەناو خودی ولاَتدا تۆڕێکی کێبڕکێ هەبوو لەنێوان پابەندبوون بەدەسەلاَتی کەنیسەو هێزێکی عەلمانی زانستی کەلە دەرەوە کاریگەری دەخستە ناو, بەلاَم دەسەلاَت لەم ولاَتانەدا زیاتر پشتگیری دەرەبەگو خاوەن سامانە زۆرەکانی دەکرد, چونکە ئەوان هێزێکی سەربازیی هەبوو کە لە ئەسپ سواری پێك هاتبوو, ئەو سەردەمە ئۆرستوقراتیەکان لەدوو توێژ پێك هاتبوون, خاوەن زەویو زارەکانو جوتیارەکان, بەلاَم توێژی سێیەم لە بازرگانی نێو شارەکان پێکهاتبوون. ئەوانیش بۆرجوازییەکی نوێی ئەوکات بوون, لەناو شاردا بازرگانیو بزوتنەوەی داهاتەکان تەواوی ژیانیانی داگیر کردبوو, هەروا لەناو شارەکانیش دوو جۆر کرێکار هەبوو, کرێکارە شارەزاو خاوەن پیشەکان, لەگەڵ ئەوانەی بەکرێ گیرابوون.

شارە گرنگەکان لەروی بازرگانیو کۆکردنەوەی ئاوبورییەوە ببوونە بنکەی خاوەن سەرمایەکان, لەلایەکی ترەوە ئەم شارانە بەهۆی دژایەتی نێوان کەنیسەی کاسولیکەکانو دەسەلاَتی ولاَت ئەندامیەتیەکەیان هەڵدەپەسێردرا, بۆیە ئەم شارانە هەوڵیان دەدا دەرفەت وەرگرن بۆ بەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی. ئەم بارودۆخە نوێیە ئاسانکاری لەبەردەم شارەکاندا دروستکرد تا لەروی ئابووریەوە بەرەو پێش بچن, لەرووی سیاسیشەوە ئامانجەکانی خۆیان پێکاو هەندێکیان ئۆتۆنۆمیان وەرگرت, ئەم خۆ بەرێوەبردنە لەو بەڵگەنامە یاساییانەدا رەنگی دایەوە کەلە بیمەی ناو ولاَتەکاندا هاتبوو. ئەم پێشکەوتنە لەکۆتایی سەدەی 11دەرکەوت. بەتایبەت لەوکاتانەی رژێمی کۆماری شارەکان گواسترایەوە یان نێردرا بۆ شارەکانی (میلانو جنواو پولونامی) ئیتالیا, چونکە لەم شارانەدا خەڵکی بوونە راوێژکار لەنێو دەسەلاَتە خۆجێیەکاندا.

ئەم پێشکەوتنە بەرەنگاربوونەوەیەکی هزریو سیاسیو روون بوو دژی دەسەلاَتی پاپای فاتیکان (ئیمپراتۆریەتی رۆمانی پیرۆز) کەنەیدەویست ئەم شارانە لەژێر دەسەلاَتی دەرچنو سەربەخۆیی وەرگرن.

لەکۆتایی سەدەی 12دا پێشکەوتنێکی سیاسیو بەرێوەبەرایەتی گرنگ رویدا, ئەوایش گۆڕینی رژێمی راوێژکاری بوو, بۆ جۆرێك لە جۆرەکانی حکومەت, کەتایبەت مەندی دەدا بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی بالاَ تا دەسەلاَت بگرێتە دەست. ئەم ئەنجومەنەش سەرۆکێکی بۆخۆی هەڵدەبژارد (podesta) کەئەویش دەسەلاَتی بەرفراوانی هەبوو لە کاروباری دادوەریو جێبەجێ کردندا, لەناوەراستی سەدەی 13هەمین زۆر لە کۆمەڵەی ناوچەکانی لومبادیو توسکانی. کە سیاسەتێکی بێلایەنەیان پەیرەو دەکرد, گۆڕان بۆ شارە کۆمارییەکان. لەوانەی دەستورەکانیان نوسرابۆوە وەکو شارەکانی (کروماو فلووسو میلان) بەبێ شاری (فینیس) چونکە ئەم شارە دەستورەکەی نەنوسرابۆوە, ئەو دەستورانە تایبەتمەندی خۆیان هەبوو, کە پەیوەندی بە ژیانی هەڵبژاردنەوە بوو لەگەڵ رژێمی بەرێوەبردندا, چونکە لەوێ واتە لەو شارانەدا, خەڵکە کۆمەلاَیەتیە دیارەکانو پیاوە ئایینیەکانو بازرگانانی شار نوێنەری ئەم ئەنجومەنانە بوون.